# تەڵەی سەرژمێریی

## (میللەتێک لە گەمەیەکی دۆڕاودا)

د. کامەران محەمەد

لەکۆندا، لە نێو چیا سەخت و سەرکەشەکانی زاگرۆسدا، کۆمەڵێک مرۆڤ جیاواز لە خەڵکانی دیکە دەژیان، بەهێز و شـــکۆمەند و خۆڕاگر بوون. ئەوان کورد بوون، مێژووەکەیان تێکەڵەیەک بوو لە قارەمانێتی و دڵتەنگیی، واتە ژیانێک بوو، کە لە یەک کاتدا خەندە و فرمێســـکی ناوێزانی یەکتر کردبوو. تەواوی چیرۆکەکانیان لە خاک و خۆڵی نیشتیمانەکەیانەوە دروست ببوو، گۆرانییەکانیشیان کە لەگەڵ شنەی بادا دەهاتن و دەڕۆشتن، چیرۆکی بەگژاچوونەوە و ئاڵنگارییەکانیانی دژ بە ستەمکاران و ئیمپراتۆریەتەکان دەگێڕایەوە. چەندین سەدە بۆ پاراستنی خاک و شوناسی خۆیان خەباتییان کرد، لە کاتی پێویستدا چەکیان هەڵدەگرت، لەگەڵ تەواوبوونی جەنگەکانیشدا شیعریان دەخوێندەوە و چیرۆکیان دەگێڕایەوە. واتە هەمیشە ڕووبەڕووی پاشا و سوڵتان و ستەمکار و سەرکردەکانی جەنگ بوونەتەوە. ئەوان بەدەست بۆمب و فیشەک و تەنانەت هەورەکانیشەوە دەیانناڵاند، کاتێک لەبری باران ژەهریان بەسەردا دەباراندن.

بەڵام ئەم چیرۆکە باســی شـەڕەکانی ڕابردوو و قارەمانێتی جەنگاوەرە ئەفســانەییە کوردەکان نییە. نەخێر، بەڵکو چیرۆکی دوای ڕەوینەوەی تەپ و تۆز و ئەو نیمچە ئازادییەیە کە بەدەست هات، واتە کاتێک ئەو خەونەی چەندین سەدە بوو بەدوایدا وێڵ و سەرگەردان و گیان لەسەر دەست بوون بۆی، ئەویش خەونی خۆبەڕێوەبەریی و سەربەخۆیی بوو، کە لە بەشێکی نیشتمانەکەدا هاتەدی. بەڵام وەک ئاشکرایە بەدەستهێنانی ئازادیی و بەڕێوەبردنی خۆت تەنها نیوەی جەنگەکەیە. ئاڵنگاری ڕاستەقینە؟ ئەوەیە کە هەوڵبدەیت، هەموو شتێک تێک نەدەیت، کاتێک ئەو ئازادیەت بۆ ڕەخسا.

### هەرێمی فرمێسک و ئومێد :

دوای جەنگی کەنداو لە ســاڵی ١٩٩١ و پاش بەســەربردنی دەیان ســاڵی ســەرکوتکردنی ژێر دەســەڵاتە سەرکوتکەرەکەی ڕژێمەکەی سەدام حوسێن، جۆرێک لە موعجیزە ڕوویدا. واتە کورد لە عێراقدا بەخت یاوەری بوو و مافی خۆبەڕێوەبەریی بۆ ڕەخســا، دەرفەتێک کە بڕیار لە چارەنووســی خۆی بدات. بۆیە هاواری چیاکانی پڕ کرد و ئاڵای کورد- کە پێشتر قەدەغە کرابوو- بە شـانازییەوە دەشـەکایەوە، پیاوە گەورەکانی گوندەکان، کە لانکەی شـۆڕشـی ڕزگـاریخوازیی بوون، بە خۆشـــحاڵییەوە لەو هەلومەرجە نوێیە دەدوان، ئەوەیـان بیر خۆیـان دەهێنـایەوە، کە ئەو قوربـانیانەی لەو ڕێگەیەدا دران، بەفیڕۆ نەچوون. ئەوان دەیانگووت: "ئەمە بوو لاوەکانمان گیانی خۆیان پێشـــکەش کرد". بۆیە فرمێسکی چەندین سەدەیان سڕیی و بەوپەڕی هیواوە لە داهاتوویان دەڕوانی.

بەم شێوەیە حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست بوو، شوێنێک کە دواجار کورد توانی هەناسەیەکی ئازادی تێدا هەڵبکێشێت. سـەرکردە کوردەکانیش پۆشاکە کۆن و پێڵاوە لاستیکەکانیان فڕێدا و وەک پاشـایەکی تازە تاج لەسـەر نراو، بە پۆشـاکە تازەکانیانەوە خۆیان نمایش دەکرد و تەوقەیان لەگەڵ دیپلۆماتکارەکاندا دەکرد و ویردی سـەر زمانیان ببوو بە قسـەکردن لەســەر دیموکراســی و ئازادیی. بۆ یەکەمجار و لەدوای چەندین ســەدە کورد حکومەتێکی تایبەت بە خۆی دامەزراند، کە چەند دەیەیەک بەردەوام بێت، تەواو لە یەکگرتنەوەی خێزانێک دەچوو، کە ئەندامەکانی بۆ چەندەها ساڵ پەرتەوازە ببوون.

### یاری دەسەڵات:

بەڵام وەک هەر کەســێک کە چووبێتە ئێوارە خوانێکی گەورەی خێزانییەوە دەزانێت، کاروبارەکان دەشــێت تێک بچن. زۆری نەخایاند درزەکان دەرکەوتن. پێشتر بەشی زۆری پارتە کوردیەکان وەک خێزانێکی گەورە کۆبوونەوە و بەرەیەکیان پێکهێنا و بە خەڵکیان ڕاگەیاند کە سەردەمی ململانێ و جەنگی براکان کۆتایی هات. بەڵام ئەوەی جێگەی سـەرنج و یاریکەری ڕاستەقینەی گۆڕەپانەکە بوون، بریتیبوون لە دوو پارتە گەورەکە، ئەوان وەک دوو برا سـەردەمی منداڵییان بە شـــەڕ لەســەر یارییەکان بەســەر بردبوو، بەڵام دوای زیاتر لە ســێ دەیە هەوڵی هاوبەشـــی پێکهێنانی حکوومەتییان دا. سـەرەتا (نمایش)ێکی باشـیان کرد و زەردەخەنەیان بۆ کامێراکان دەکرد و بەڵێنی یەکگرتووییان دەدا. بەڵام لە پشت پەردەوە؟ چیرۆکێکی تر هەبوو.

دەگوترێ لە ڕۆژانی سەرەتای دامەزراندنی حکومەتی فیدرالیدا، ڕێکەوتنی پشت پەردە هەبوو، تەواو وەک یاری پۆکەر لە ڤێگاس. سەرکردەکان کە بەڵێنیان بە یەکتری و میللەتەکەیان دابوو، دژ بە دوژمنە هاوبەشەکان یەکگرتوو بن، بەڵام لەسەر گریبەستی نەوت و زەوی و لە هەمووی گرنگتر زۆرترین پشکی کێکە بوو، کەوتنە پیلانگێڕیی و ململانی یەکتر. دەڵێن "دەسەڵات مرۆڤ گەندەڵ دەکات"، بەڵام لە هەرێمەکەدا، تەنیا ئەوانی گەندەڵ نەکرد، بەڵکو تەواوی چیرۆکەکەی بۆ یارییەکی سێرک گۆڕی.

**هەڵەیەکی خۆکوژی:**

پاشان ساڵی ٢٠١٧ هات، ئەو ساڵەی کە لە مێژووی کورددا وەک ئەو ساتە وێنا دەکرێت، کە خەریک بوو بەدەستی خۆی هەموو شتێک لەدەست بدات. واتە ساڵێکە کە هەرگیز ناتوانرێت لەیاد بکرێت. کاتێک سەرکردە کوردەکان لە ڕۆڵی لاوەکی خۆیان لە بەغدا بێزار بوون، پێیانوابوو و بڕیاریان دا، کە کاتی سەربەخۆیی هاتووە. بۆیە ڕیفراندۆمێکیان ئەنجامدا، پرسیاریان لە گەلی کورد کرد، کە ئایا دەیانەوێت لە عێراق جیاببنەوە و دەوڵەتی سەربەخۆ ڕابگەیەنن؟ ئەمە بڕیارێکی بوێرانە بوو، لەکاتی خۆشیدا زۆری بەسەردا هەڵدرا، بێگومان وەڵامەکە "بەڵێ!" بوو! بەڕێژەیەکی باڵا، ئاخر کێ نایەوێت دوای چەندین سەدە لە چەوساندنەوە ئازاد بێت؟

بەڵام کێشەیەکی بنەڕەتی هەبوو، ئەویش ئەوەبوو سەرۆک و ئەنجومەنی باڵای ریفراندۆم خۆیان ماندو نەکردبوو، کە بزانن ئایا بەغدا، وڵاتانی دراوسێ، یان کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، ئامادەیە پشتگیری لەم پلانە بکات. بەبێ ئەوەی هیچ بانگهێشتنامەیەک بۆ میوانانی یارییەکە بنێردرێت، بانگهێشت دەکرێن و کاتێک یارییەکە دەست پێدەکات، دەردەکەوێت کە میوانەکان هەموویان کارتی سووریان بۆ بەرز دەکەنەوە! لەپێش هەموویانەوە عێراقییەکان دڵخۆش نەبوون. بۆیە لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا چوونە ناو شاری کەرکوک و خستییانە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە، شارێک کە سیمبول و شانازی کورد بوو. ئەوەی ئازار بەخش بوو، ئەوەبوو هەر خۆیان لەژێرەوە و دژ بە میللەت و قوربانیی و مێژووەکەی بە ڕێکەوتنێکی ژێر بەژێر دابوویان بە عێراقی خۆشەویست! ئەمە وەک ئەوە وابوو کەسێک قومار لەسەر هەموو سامانەکەی خۆی بکات، کە لەسەر دەستی دایناببێت و دۆڕابێت. واتە بە یەک تەقینی یارییەکە ٪٥١ی خاکی کوردستانی هەرێمەکەی دۆڕاند.

**سەرژمێریی و بسکیت:**

سەرەڕای ئەم هەڵە کوشندەیەش، هێشتا کێشەکان بەردەوامن. هەواڵ و ڕاگەیاندنەکان دەربارەی سەرژمێریی دانیشتوانی عێراق ڕۆژ لەدوای ڕۆژ گەرمتر دەبن، واتە هەڕەشەی دووبارە دارشتنەوەی دیمۆگرافیای ناوچە کوردستانییەکان دەکەنەوە. لە کاتێکدا بەغدا ناوچە کوردستانییەکانی ژێر دەستەڵاتی خۆی بە دانیشتوانی عەرەب پڕ کردووەتەوە، سەرکردە و پارتە کوردییەکان سەرقاڵی کارە بازرگانییەکانی خۆیان و مشتومڕ بوون لەسەر موچە و چەسپاندنی (هەژماری من ) و ( توطین)! واتە تەنها بیریان لای قازانج و بەرژەوەندییە کەسیی و بنەماڵەییەکانی خۆیان بووا ئەمە لەکاتێکدا هیچ هەڵوێستێکی فەرمیی و لێدوانیان لەسەر ئەو پرۆسەیە نیە! واتە دۆخەکە تەواو وەک ئەوە وابوو سەیری دوو منداڵ بکەیت، کە لەسەر پسکیتێک شەڕ دەکەن، لە کاتێکدا تەواوی کارتۆنە پسکیتەکەیان لە پشتەوە دزرابوو.

مەترسییەکە هەر لە دەستدانی ٪٥١ ی خاکی کوردستان نیە، بەڵکو کێشەکە ئێستا وادێتە نێو ٪٤٩ ەی تریش! ئاشکرایە ڕێژەیەکی زۆری عەرەب ئەمڕۆ لەو شارە کوردییانەدا دەژین و بوونەتە خاوەن موڵکی خۆیان و بەردەوام لە زۆربووندان و بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر وەچە دەخەنەوە! کوردیش کونجی قەناعەتی گرتووە. لە فۆرمی سەرژمێرییەکەدا خانەیەکی تێدایە بە (کۆچکردن لەنێو شارەکان) و بەوردی تۆمار دەکرێن، واتە ئێستا بەشێوەیەکی سروشتی و یاسایی عەرەبە هاتووەکان لێرە و لە سەرژمێرییەکەدا تۆمار دەکرێن و بۆ داهاتوو ئەو تۆمارکردنە دەبێتە بەڵگەنامەیەکی بەهێز، کە ئەوان دانیشتووانی ئەم شارانەن و تەواوی مافی خۆیان دەبێت و لە داهاتوودا بەرەکە لەژێر پێی کورد دەردەهێنن و حکومەتی کوردیش مێشێک میوانی نییە! تەواو وەک ئەوەی ئیسرائیلییەکان لە فەلەستین بەسەر عەرەبەکانیان هێنا!

شاعیری گەورەی کورد (بێکەس) پێش سێ چارەکە سەدە دەڵێی بۆ ئەمڕۆی دۆخی کوردی نووسیووە، کە دەڵێت:

**« کورد ئەبەد ئاگاتە مەقسەد ، نۆکەری بێگانەیە**

**دوو دڵن ، پیسن لەگەڵ یەک ، بۆیە وا بێ لانەیە**

**میللەتێکن ، بۆ نەمانی یەکتر هەر هەوڵدەدەن**

**داخەکەم ! ورد و درشتی شێت و شەیدای نانەیە».**

ئەم دۆخە ڕێک وەک ئەوە وایە، کە (درەختی کورد) بەدرێژایی چەندەها سـەدە بەرگەی زریان و سـوتان و بڕینەوەی گرتبوو و ڕزگاری ببوو، بەڵام ئێستا وا خەریکە لە ناوەوە کلۆر دەبێت و کرمی ناوخۆ تێیداوە! واتە خۆرەکەی ئەو کەسانەن کە دەبوو  بیپارێزن.

**کۆمیدیایەکی تراژیدی دەربارەی هەڵەکان:**

لە کۆتاییدا ئەم چیرۆکە بە شـێوەیەکی تاریک و بێمانا، هەم تراژیدیی و هەم کۆمیدییە.  مەرگەسـاتە چونکە کورد دوای چەندین سـەدە لە چەوسـاندنەوە و ژێردەستەیی، ئێستا خاک لەدەست دەدات! نەک بە داگیرکەرانی دەرەکی، بەڵکو لەبەر هەرزەکاریتی و هەڵەکانی سـەرکردەکانی خۆی. پێکەنیناوییە چونکە هەمووان هەسـت دەکەن تەواوی دۆخەکە گاڵتەجاڕییانەیە، شـانۆگەرییەکە، کە ئەکتەرەکان ڕۆڵەکانی خۆیان لەبیر کردووە و  بە شـێوەیەکی خراپ لەبەر خۆیانەوە قسـە دەکەن و نازانن چی دەڵێن، بەڵام جەماوەرەکە هەموو دیمەنەکان وەک خۆیان دەبینن و دەزانن کە ئەوان لەسەر ئەو سەکۆیە جگە لە (گروگاڵ) شتێکی تر نازانن.

گەلی کورد، پاڵەوانە ڕاسـتەقینەکەی ئەم حیکایەتە، هێشـتا خۆڕاگرە. پێدەکەنێت، گۆرانی دەڵێت، نەفرەت لە سـەرکردەکانیان دەکەن و دەگەڕێنەوە سـەر کارەکانیان، چونکە جگە لەوە دەتوانن چیتر بکەن؟ ئەوان خراپترینیان تێپەڕاندووە، ئەوان لە دیکتاتۆرەکان و جینۆسـاید و بۆمب و ...تاد ڕزگاریان بووە. تاکە شـتێک ئەگەر هەبێت و کورد بزانێت ئەنجامی بدات، تەنها مانەوەیە.

لەگەڵ ئاوابوونی خۆر بەسەر چیاکانی کوردستاندا و باڵکێشانی زەردەپەڕ، گەلی کورد چاو دەبڕێتە خاکەکەی و شانی ڕادەوەشێنێت و دەڵێت: "پێشتر لێرە بووین. " لێرەش دەبین دوای ئەوەی ئەم بەناو سەرکردانە نامێنن."

لەگەڵ ئەوەشـدا دەگەڕێنەوە بۆ سـەر ئاگر و گۆرانیی و هەڵپەڕکێکانیان، چونکە لە کۆتاییدا چیرۆکی کورد تەنیا بە خاک یان دەسـەڵاتەوە پەیوەست نیە. بەڵکو پەیوەسـتە بە خۆڕاگریی و پێکەنین لە بەرامبەر فرمێسـکەکاندا، ئەو گەلێکە فێری ئەوە بووە، کە چۆن قورسایی جیهان لەسەر شانەکانی هەنگاو بەهەنگاو هەڵبگرێت.

**(٢٠٢٤/١١/١٠)**